# نەوشیروان دەستی لە کار کێشایەوە: جا چیە؟

بەختیار کەریم
bakhtyarkarim@hotmail.com

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی سیاسەتی کوردی، ئەگەر شتێک هەبێت بەو ناوە، کێشەی وێنەی سەرۆکە. وێنەی سەرۆک لای ئێمە وێنەی پیاوێکی (بە مەبەست دەنووسین پیاو) ئەفسووناوی، کاریزماتیک و فرەتوانایە. ئەم پیاوە کە نیشتەجێی خەیاڵدان و جیهانبینی سیاسی ئێمەیە، پیاوێکە کە دارعاسای ئەفسووناوی پێیە، ئاوەکان شەق دەکات و بیرە نەوتەکان دەزێنێتەوە. سەرۆک لای ئێمە جگە لەوەی خاوەنی ئەم رەهەندە ئەفسانەییانەیە، بەدرێژایی تەمەنی چەندین رەهەندی پیرۆزییشی دەدرێتە پاڵ. هەرئەمەش وایکردوە کە سەرکردە لای ئێمە وەک سیکۆتین بە کورسی دەسەلاتەوە بلکێت، تەنانەت مردنیش لەو کورسیە شیرینەی دانابرێت. دەڵێین تەنانەت چونکە پاش مەرگیش ئەفسانەکانی سەرۆک کاریان لەسەر دەکرێت. هەندێک جار سێبەری سەرۆک، کە لەودیوو مەرگەوە درێژدەکرێتەوە بۆ ژیان، زۆر لە سێبەری سەرۆک لەکاتی ژیاندا سەنگینترە. ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئەو مێژوونووسانەی دەیانەوێت چیرۆکی ژیان و کاری سەرۆک بنووسنەوە، چونکە سەرۆک پاش مەرگی لە هەموو گوناە و تاوانەکانی بەتاڵ دەکرێتەوە، بگرە هەموو هەڵە ستراتیژییەکانی وەک تاکتیکی پیاوی دانا دەناسێنرێن. کەواتە قسەکردن لەسەر هەڵە و خیانەتە کوشندەکانی سەرۆک دەبێتە هۆی بە خائین ناساندنی کەسی نووسەر. ئەمەش رێگرێکی سەرەکییە لە ئاوڕدانەوەی رەخنەگرانە و تێڕامانێکی قووڵ لە قۆناغە مێژووییەکانی رابوردووی سیاسەت لەپێناو بەرهەمهێنانی داهاتوویەکی گەشدا. لەوەش بەدتر نەبوونی هەناسەیەکی رەخنەگرانەیە لەکاتی قسەکردنماندا لەسەر سەرۆکە حیزبییەکان کاتێک لەژیاندان. دەشێت ئەم ئاستەی نەبوونی رەخنە، زادەی ترسنۆکی و شەرمنۆکی خودی نووسەران بێت زیاتر لەوەی زادەی ستەمکاری و توانای پاوانخوازیی سەرکردەکان بێت. بۆ نموونە هیچ نووسەرێک ناوێرێت بڵێت مەسعود یان جەلال، بگرە دەیان پێشناوی وەک بەڕێز، هێژا، جەناب و بگرە پاشناویش دەخەنە پاڵ ناوەکانیان. لەکاتێکدا ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە رێزەوە نییە، بەڵکو ئەمە دۆخێکی سەپێنراوە لەلایەن حیزبەوە وەک بەشێک لە هەوڵەکانی حیزب بۆ بڵندکردنەوەی سەرۆک بۆ ئاستی سوپەرمرۆڤێکی پیرۆز کە نابێت لە شکۆی کەمبکرێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەم دیاردەیە چەند کۆمەلایەتییە، دە هێندەش پارتیزانییە (واتا سیاسەتی حیزبی). بەلام رازیبوون بەم ئەفسانەیەی کە حیزب سەپاندوویەتی ئەوپەڕی ترسونۆکی و بوودەڵەییە، نەک رێزداری و پابەندبوون بە دابونەرتی نووسینی بالاوە. ئەم ترسنۆکییە دەبێتە هۆی پتەوکردنی بنەماکانی ئەم ئەفسانەیەی کە سەکردەی مەزنمان لە مرۆڤی ئاسایی بۆ دادەتاشێت و دەیسەپێنێت بەسەرماندا، دواجاریش هەموو هەوڵێک بۆ لێپرسینەوە لە سەرکردەکان دەچێتە خانەی بێرێزییەوە. دەشێت ئەمە هۆکاری تێکچڕژانی رەخنەی سیاسی و بێرێزی بێت لای زۆربەی خوێنەرانی ئێمە.

کێشەکە زۆر لەوە قووڵتر و فرەڕەهەندترە کە ئێمە لێرەدا زۆر بەکورتی لەسەری دواین. دەکرێت دوا ئاماژەمان بە وێنەی سەرۆک درێژکردنەوەی بێت بۆ نەوەکانی دوای خۆی. ئەمڕۆ و بگرە لە تەواوی ئەم سەدەیەی ئێستادا، هیچ ئەگەرێک نییە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی مرۆڤەکانی دەروەی خێزان و بنەماڵەی سەرۆکەکان، ئەمەش خەمێکی گەورەیە، بەڵام دۆخی ڕاستەقینەی ئەو بازرگانییەیە کە بەهەڵە ناومانناوە سیاسەت. لەوانەیە هەموو کەسێک کە کەمێک زانیاری لەسەر سیاسەتی حیزبە کوردییەکان هەبێت، بزانێت کە سکرتێری داهاتووی یەکێتی و سەرۆکی داهاتووی پارتی کێ دەبن.

دوێنێ هەواڵی دەست لە کار کێشانەوەی نەوشیروان موستەفا، گەرمترین بابەتی میدیا کوردییەکان بوو. بەدەر لەوەی نەوشیروان کێیە، چی بووە و تا چەند بەشداری چالاکانەی هەبووە لە بەرهەمهێنانی ئەو بازرگانییەی ناو یەکێتی کە بەناوی سیاسەتەوە دەکرێت، جێگەی بایەخی ئێمە نییە. لەبەر هیچ نا تەنها لەبەرئەوەی کە ئێمە مێژوو نانووسینەوە. لەبەرامبەردا ئەوەی جێگەی بایەخی ئێمەیە، ئەو گرنگیدانەیە بە دەست لەکار کێشانەوەی نەوشیروان، کە زادەی خۆشخەیاڵیی و بەخشینی ئەو ڕەهەندە ئەفسووناوییانەیە بەم سەرکردە حیزبییە. واتا کەسانێکی زۆر هەبوون/هەن کە خۆشخەیاڵانە بڕوایان بەوە هەبوو کە نەوشیروان دێت و بە چەند دەقیقەیەک ئەو بارودۆخە دەگۆڕێت کە جێگەی نیگەرانیی هەمووانە. بێگومان ئەم بڕوایە لە بیرنەکردنەوە و نەبوونی تێڕامانەوە سەرچاوەی گرتووە، بیرنەکردنەوە لەوەی کە کێشەکان بونیادین، گەندەڵی بەئەندازەیەک ڕۆچۆتە نێو دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە کە چارەسەرکردنی گۆڕانی ڕادیکاڵ و بنەڕەتی دەخوازێت. ڕاستە تاکەکەسەکانی نێو حیزبە کوردییەکان بەبێ جیاوازی بەرپرسیارێتی ئەو دۆخەیان لە ئەستۆدایە، بەڵام بە گۆڕینی چەند کەسیک یان سەرکردەیەکی حیزبی گۆڕانێکی ڕاستەقینە و دڵخۆشکەر دروست نابێت، چونکە لە کوردستان ئێمە پێویستمان بە گۆڕینی کۆی سیستەمی سیاسی و ئەخلاقی سیاسییە، نەک بەتەنها سەرکردەکان. لەبەرئەوە نەوشییروان یان هەر کام لە سەرکردەکانی تری حیزبە کوردییەکان دەست لەکار بکێشنەوە شتێکی ئەوتۆ لە بابەت ناگۆڕێت.

لەکۆتاییدا گرنگە لەمە واتێنەگەین کە سەرۆک وەک مرۆڤ و سەرۆکایەتی وەک ڕۆڵی بەڕێوەبردن گرنگ نین. تەواو بەپێچەوانەوە. سەرۆک و ڕۆڵەکەی لەچوارچێوەی هەر دامەزراوەیەکدا ڕۆڵێکی سەرەکین. بەڵام بۆ هەبوونی ئەم گرنگییە تۆ پێویستت بە دامەزراوەی بنکە پتەوە، کە لەسەر بنەمای یاسای ئاشکرا و ڕێزلێگیراو بونیاتنرابێت. لەو دەوڵەتانەدا کە سەرۆکایەتی پۆستێکی دەستورییە و سنووری دەسەڵاتەکانی سەرۆک دیاریکراون، سەرۆک لە ئاستە ڕەمزییەکەیدا گرنگی تایبەتی هەیە. بەڵام لای ئێمە سەرۆک و دامەزراوە بەئەندازەیەک تێکەڵکراون کە جیاکردنەوەی سیمای سەرۆک لە سیمای دامەزراوەکان ئەستمە. زۆرجار لەبەرئەوەی سنووری دەسەڵاتەکانی سەرۆک دیاریکراونین، سەرۆک لە دامەزراوەی جیاجیاوە کار دەکات، بەبێ ئەوەی بزانرێت چۆن و بۆچی. واتا سەرۆک بەتەنها پۆستێکی ڕەمزی و گرنگ نییە، بەڵکو زۆرجار یەکلاکەرەوەیە. باشترین نموونە ئەو پەرلەمانە ئیفلیجیە کە پێی دەڵێن پەرلەمانی کوردستان، وەک دەبینین ئەم پەرلەمانە زمانی شکاوە هەتا سەرکردە حیزبییەکان شتێک دەڵێن، ئەوجا بە "ئەشهەدومابیلا" کەڕ و کاسمان دەکەن. ئەم تێکڵەبوونەی دەسەڵاتی سەرۆک

و دامەزراوە، نەک بەتەنها دامەزراوە سیاسییەکانی وڵاتی ئێمەی تووشی ئیفلیجی و ناکارایی کردووە، بەڵکو ئەو خۆشخەیاڵیەشی لای زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا گەڵاڵەکردووە کە بەبێ سەرۆک هیچ ناکرێت.

ئەمڕۆش کەسانێک لێرە و لەوێ دەڵێن چیتر بەبێ نەوشیروان ریفۆرم ناکرێت. بەڵام بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو خەیاڵە پووچە پێوستە بەو جۆرە کەسانە بووترێت، کە تووشی خۆشخەیاڵی بوون بە ئەفسانەکانی سەرۆکی حەتمی. ئەم خۆشخەیاڵبوونەش بە ئەفسانەی سەرۆکی حەتمی، خۆدزینەوەیە لە ئەرکە مەدەنییەکان. چونکە ئەوەی لە سەرکردەیەکی حیزبی چاوەڕوان دەکەین، ئەرکی خۆمانە نەک هی کەسانێکی دیکە، بەڵام ئێمە خۆمان لەو ئەرکە دەدزینەوە و چاوەڕوانی ئەوە لە کەسانێکی ئاسایی دەکەین کە کاری کۆی کۆمەڵگایەکمان بۆ بکەن، واتا داوای مەحاڵیان لێدەکەین. لەبەرئەوە ئێمە پێمانوایە دەست لە کار کێشانەوەی نەوشیروان شتێکی ئەوتۆ نییە، چونکە دواجار ئەم تاکەکەسە و پاشکەوتەکانی شتێکی باشتریان لەوەی ئێستا بەرهەم نەدەهێنا، لەوانەشە خراپتر بوونایە. چارەسەری گەندەڵی و بەدڕەوشتی سیاسی لە هەناوی خودی کۆمەڵگادایە نەک لە کەللەسەری ئەم یان ئەو سەرکردەی بەناو ئەفسووناویدا. تەنها ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو هەموو کێشەیەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگای ئێمە بۆتە کرداری هاوبەشی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەیە، کردارێک کە پلاتفۆرم و ئاراستەکانی لەوانەی کۆمپانیا حیزبییەکان جیاوازبن. ئەم کردارە هاوبەشە پێویستی بە گەڕانەوەی ئیرادە هەیە کە خۆمان خۆمانمان لێ بێبەش کردەوە، نەک لێمان زەوتکرابێت. کاتێک بیرمان کردەوە و لەو دۆخە بەدە ڕامایین، دەتوانین ئیرادەی سیاسی خۆمان لەچوارچێوەی کردارێکی هاوبەشدا بەرجەستە بکەینەوە و کار بۆ ئەوە بکەین کە خۆمان سەروەری چارەنووسی خۆمان بین، نەک کۆمەڵێک بازرگانی بەدڕەوشت. لەبەرئەوە ئەگەر ئەم هەواڵە بەناو گرنگەت نەبیستووە و کەسێک هات و وتی: نەوشیروان دەستی لەکار کێشاوەتەوە بە سانایی بڵێ جا چیە.

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند
2006/12/06